# پێغەمبەری خودام بینی -صلی الله علیه وسلم- نوێژی دەکرد، ودەنگێک لە سینگیەوە دەردەچوو وەکو دەنگی بەردەئاش بەهۆی گریانیەوە -صلی الله علیه وسلم

لە عبداللەی کوڕی شیخیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودام بینی -صلی الله علیه وسلم- نوێژی دەکرد، ودەنگێک لە سینگیەوە دەردەچوو وەکو دەنگی بەردەئاش بەهۆی گریانیەوە -صلی الله علیه وسلم-».

[صەحیحە] [نەسائی گێراویەتیەوە - ئیبنوداود گێراویەتیەوە - ئەحمەد گێراویەتیەوە]

عبداللەی کوڕی شیخیر -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەری خودای بینی -صلی الله علیه وسلم- نوێژی دەکرد، ودەنگێکی دەبیست لە سینگیەوە دەردەچوو وەکو دەنگی بەردەئاش وابوو کاتێک کەسێک خۆراکەکەی نێوی دەهاڕێت دەنگێکی هەیە، بۆیە ئەم هاوەڵە دەنگی گریانی پێغەمبەری چواند -صلی الله علیه وسلم- لە کاتی نوێژدا بە دەنگی بەردەئاش، ئەمە حاڵی پێغەمبەری خودا بوو -صلی الله علیه وسلم- لەگەڵ پەروەردگاری، لەکاتێکدا خوای گەورە لە هەموو گوناهەکانی پێشوو وداهاتووی خۆشبووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا تەقوادارترین مرۆڤ بووە ولە هەموو خەڵکی زیاتر لە خودا ترساوە؛ ئەمیش بەهۆی ئەوەی لە هەموو کەسێک زیاتر خودای ناسیووە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10653

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee